تیكۆشان، ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی كوردستانی ئێران

بەناوی یەزدانی مەزن

# یادی سەروەری گەل شەهید ئەمیر بەهرامی ناسراو بە "ئەمیر مەریوانی"

نووسینی: كەریم فەیزیان



لـــەیاد و بـــیرەوەری ئـــەم جـــارەی سـەروەرانماندا یـادی لاوێكـی قارەمـانی شـاری دوانـزە سـوارەكەی مـەریوان كـاك ئەمیر بەهرامی ناسراو بـە ئـەمیر مـەریوانی دەكەینەوە. شـەهید ئـەمیر لـە بنـەماڵێكی ئـایینی، نیـشتمانپەروەرو زەحمـەتكێش لەشـاری مـەریوان بـەدنیا هـاتووە. بـاوكی شەهید ئەمیر ناسراو بە حـاجی ئەحمـەدی بـەهرامی كـە بـەهۆی تێكۆشـانی دا هـەر لەسـەرەتای شۆڕشـی گـەلانی ئێـران دژی ڕژیمی پاشایەتی و هاتنە سەركاری ڕژیمـی بـەناو ئیـسلامی سـاڵی ١٣٥٨ لەگـەڵ بنەماڵەكـەی دەربـەدەری كوردسـتانی گەرمێن دەبن و لەشارۆچكەی سەید سادق دەگیرسێنەوە. كاك ئەمیر ئەوكات تەمـەنی ١٠ ساڵ دەبێ و پێش ئەو پەرتەوازە بوونە لـە مـەریوان، شـەهید ئـەمیر تـا پـۆلی ٣ی سەرەتایی لە مەریوان دەرس دەخوێنێت، بەڵام بەناچار بەهۆی هەلومەرجی سیاسـی و باری نالەباری داسـەپاوی ڕەوپێكردنیـان دەسـتی پـێ لەخوێنـدن هەڵـدەگرن. دوای ماوەێك كە نیشتەجێ بوون لە سەید سادق كاك ئەمیر دەنێردرێتە حوجرەی فەقێ یان و لـەلای یـەكێك لـە مامۆسـتایانی ئـەو شارۆچكە دەدرێتە بەر خوێنـدنی قورئـانی پیرۆز.

كاك ئـەمیر لەبـەر لـێ هـاتوویی و زیرەكـی لەگـەڵ كاروبـاری فەقێیەتیـشدا دەچـێتە قوتابخانە بە مەبەستی خویندنی كوردی و وانـــەكانی كـــە بـــەهۆی تێكـــەڵاوی بنەماڵەكەیان لەگەڵ خـەڵكانی شۆڕشـگێڕو زانا، خوێندەوار و نیشتمانپەروەر لەلاییێك، و ئـاوارە بـوون و ڕەوانـدنیان لەشـاری مەریوان، كاك ئەمیر لەمنداڵانی دەوروبەری و هاو تەمەنی خۆی گـەلێك سـەرنجدەرانەتر هەسـت بـە چەوسـاوەیی بـەش مەینـەتی نەتەوەكەی دەكات. هەر ئەم لانانەش هانی ئـەدا كـەبۆ بەربـەرەكانی ئیـستبداد و نـاڕەوایی خـۆی بگەێنێتـە ڕیـزی بـرا پێشمەرگەكانی سازمانی خەبات. كاك ئەمیر سـازمانی خـەبات ی بەباشـترین ڕێكخـراوی سیاسـی دەزانـی كـە لەگـەڵ ڕوانگـەو بۆچونەكانی دەگونجا. هەربۆیەش پـاییزیی ساڵی ١٣٦٠، خۆی گەیانـدە قـەڵای خـەبات لەنزیك بلەكێ و كانی مامری ناوچەی بانە.

پـــاش بـــەخێرهێنانی كـــاك ئـــەمیر و حەسـانەوەی لـەبارەگای سـەركردایەتی، لەلایـەن برایـانی بـەرپرس سـەبارەت بـە ئـەنگیزەی هـاتنی قـسەو باسـی لەگـەڵ دەكرێ، و لەئەنجامدا سـەرنجی كـاك ئـەمیر بۆ ئەوە ڕادەكێشن كە تەمەنی كەمەو باشتر وایە برواتەوە بۆلای خانەوادەكەی و درێـژە بە ئەركی ژیانی ئاسـایی بـدات و لەخوێنـدن بەردەوام بێت. تەمەنی كـاك ئـەمیر بـەهۆی ئـەوەی ١٣ سـاڵانەبوو لەگـەڵ پـەیڕەوی ناوخۆی سازمان نەدەگونجا. سەرەڕای ئەم هەوڵ و هاندانانـە بـێ ئاكـام مایـەوە، و لـە بنكـەو بارەگـای ناوەنـدی و سـەركردایەتی سازمان بە ئەرك و كارو ئاموزشەوە خـەریك كرا. دوای ماوەێك مانەوەی و ناردرایـە ئـەو شوێنانەی كە دۆشكەی لـێ جـێگیر كرابوو، كـە لەچـەند شـوێنێك دۆشـكەی لـێ جـێگیر كرابـوو، و شـەهید ئـەمیر بەویـستی خـۆی یەكێك لەو شوێنانەی هەڵبژارد بە مەبەستی فێر بوون و پارێزەری ئەو خاڵەی پاراسـتن. هاوكـات لەگـەڵ ئـەم ئەركانـە، كـاك ئـەمیر هاندرا بچێتەوە لای خانەوادەكەی و لەگـەڵ یەكێك لە كادرەكانی سازمان ناردرایەوە بـۆ سلێمانی لەوێشەوە بۆ سەید سادق. لە سـەید سادق كـاك ئـەمیر تەسـلیم بـە خانەوادەكـەی كرایـەوە. دوای ماوەێـك كـاك ئـەمیر گەڕایـەوە لای پێـشمەرگەكانی سـازمانی خـەبات. كـاك ئەمیر بەباوەڕەوە دەیویست لـەناو ڕیزەكـانی سازمانی خەبات درێژە بە تێكۆشـان و ژیـانی سیاسی بدات. هەرچەندە زۆر هـەوڵی جیددی درا بـۆ ناردنـــەوەی و لـــەهیچ كـــام لەوانـــەدا بەرپرسـی پـەزیرش سـەركەوتوو نـەبوون بـۆ ناردنـــەوەی. دیـــارە نـــەدەكرا بـــەزۆرەملێ بەسەریا تەحمیل كرێت، بـەڵام هـەموو لایەنـە یاسایی و كۆمەڵایەتیەكانی كەم تەمەن بوونی بـۆ ڕوون كرایـەوە، و بەداخـەوە كـاك ئـەمیر لەسەر مانەوەی لە ڕیزەكانی سازمانی خەبات بـــەردەوام پێـــداگری ئـــەكرد. دوای ماوەێـــك مانەوە و ئاموزشی زیاتر و لەسەر داوای خۆی درا بـەلكی شـەهیدانی بۆیـەنی سـەربە هێـزی شـــەهید ســـەید خـــەلیل بەســـەر پەرشـــتی شـەهیدی فەرمانـدەی نـەمر كـاك مـەلا عـەلی ڕەسـووڵی. دوای سـاڵێك تێكۆشـان لـە لكـی شەهیدانی بۆیەن، كاك ئەمیر خۆی نەقڵ كـرد بۆ مەڵبەندی سێ. كـاك ئـەمیر زۆر زوو تـوانی گەشەی جەستەیی و فكری بكات و بـەردەوام لەفێربوونی ئەركە نوێكان دا بوو. ئەركـەكانی مەڵبەندی بەوپەڕی دڵسۆزی و لێ وەشـاوەیی بـەڕێوە دەبـرد. لـە یـەكێك لـە چـالاكیەكان بۆسەر یەكێك لە مۆڵگـەكانی دوژمـن لەپـشتی دێ ی ئارمردەی ناوچەی بانە كـاك ئـەمیر بـۆ ئـەو چـالاكیە هەڵنابـژێردرێت، و ئـەم كـارەی هاوڕێیانی كارایی زۆری دەبێت لەسەر شـەهید ئەمیر، و زۆر لەوە نیگەران دەبێت كە لـەویان ڕانـــەبینیوە بۆئـــەم چـــالاكیە. یـــەكێك لـــە تایبەتمەندیەكانی كاك ئـەمیر هانـدانی لاوانـی ئـەو ناوچـانەی كـە جەولـەی تیـا ئـەكرد بـۆ هاوكاری كردنی سازمانی خـەبات و شۆڕشـی ئازادیخوازانە دژبە داگیركـەران. دوای ماوەێك شەهید ئەمیر لەسەر پێداگری و عەزمی خـۆی لـــەزۆر چـــالاكی لەناوچـــەی دەشـــتە تـــاڵ و ئارمردە و پاش ئاربەبا بەشدار بوو. هـەروەها لە جادەی سـەقز بانـەو ناوچـەی سەردەشت زۆر ئازایانە لە دوژمن دەهاتە دەسـت و شـان بەشـــانی برایـــانی پێـــشمەرگەی دژ بـــە داگیركەرانی كوردستان پارێزگاری لەمافەكانی گەلەكـــەی دەكـــرد و دژبـــە داگیركـــەرانی كوردستان شـەڕی دەكـرد. كـاك ئـەمیر لەبـەر لێهـاتوویی و دڵـسۆزی لـەمانگی خـەرمانانی ١٣٦٣ بەرپرســـیاریەتی مـــاڵی ڕێكخـــراوەی دەشتە تـاڵی پێـسپێردرا و لەگـەڵ ئـەوەش دا یارمەتی دەری باری تەبلیغاتی و ڕامیاری ئـەو ڕێكخراوەی دەكرد. ئەو ماوەیە شەهید ئـەمیر ئەو بەرپرسیاریەتییانەی دەبێ، زۆر چالاكانە بۆكـاری شـانە بەنـدی و یارمـەتی مـاڵی كۆكردنـەوە بەوپـەڕی چـالاكی لەگەشـەی سازمانی خـەبات دا بـوو و ئەركـەكانی زێـدە لـەڕادەی پێـسپێردراوی ئـەنجام دەدا. بـە بـاوەڕێكی شۆڕشـگێڕانەو نیـشتمانی گونـد و شـاخ و ناوچـەكانی بـواری چـالاكی دەگێـڕا و ئەركەكانی سازمانی بەڕێوە دەبرد.

***

# گەندەڵی ئابووری لە ئێران گەیشتۆتە كوێ؟

گەندەڵی نەخۆشییێكی كوشەندەیە كە زۆربەی وەڵاتـــانی دوونیـــا بـــە تایبـــەت ڕۆژهـــەڵاتی ناوەراست پێوە دەناڵێنن و بۆتە هـۆی فەلـەج كردنی ئابووری خەڵكی ئەو وەڵاتانە.

وەڵاتـــی ئێـــرانیش بـــە هـــۆی نـــەزانی و بـــێ تەجروبەیی و دواكەوتوویی و نـەزانی سـەرانی ڕژیمی دەسەڵاتدار، بەو نەخۆشیەوە دەناڵێنێ و بە گشتی گەندەڵی ریشەی لـە دامودەزگـا و ناوەندەكانی داكوتاوە و بە تایبـەت گەنـدەڵی ئابووری، و بەرەو سەرچوونی لە ڕادەبـەدەری گەنـدەڵی بەرپرسـانی ڕژیـم خـەڵكی وەزاڵـە هێناوە و جەماوەری ئێران بە گشتی و خەڵكی چەوســـاوەی كوردســـتان بەتایبـــەتی بـــەو نەخۆشـیەوە دەنـاڵێنن چـوونكە هـەر لـە سەرەتای دەسەڵاتی ڕژیمەوە كوردستان وەك ناوچەیێكی جەنگی بووە و نەبوونی ئـاوەدانی و پەرە نەدان بە ژێرخانی ئابووری ئـەو بەشـە لە ئێران، وای كردوە كە لەم هـەل و مەرجـەی ئێـران تێـی كـەوتووە وەزعـی كوردسـتان لـە باقی بەشەكانی دیكەی ئێران خراپترە.

لە ماوەی ڕابردوودا ڕاگەێندرا كە ڕاپـۆرتێكی ٥٠٠ لاپـەڕەیی لەلایـەن (كومیـسیونی ئەسـلی نـەوەدی قـانوونی ئەساسـی ڕژیم) لـە بـارەی گەنـدەڵی ئـابووری كۆكراوەتـەوە ڕۆژی ٣ی بانەمەڕ خراوەتە بەر دەستی سەرانی ڕژیم و ڕۆژی سـێ شـەممە ١٠ی بانەمـەڕی ١٣٨٧ی كۆچـی خـۆری خرایـە بەردەسـتی نوێنـەرانی مەجلیسی ڕژیم تا قسە و باسی لە سەر بكرێ، بـەڵام لـە مەجلیسی ئیرتجاع دا ئـەو ڕاپۆرتـە نارەزایـــەتی لـــێ كەوتـــەوە، هـــۆی نارەزایەتیەكەش ئەوە بوو كە لەو ٥٠٠ لاپـەڕە تـەنیا ٨ لاپـەڕەی بـە وان گەیـشتوە ئـەویش هێنـدێ باسـی سـەرەتاییە، نـاوەرۆكی ئـەو ڕاپۆرتە تا ئێستاش بە نهێنی ماوەتەوە.

گەندەڵی لە ڕژیمی ئاخوندیدا لە داهاتی نـەوت سەرچاوە دەگرێ كـە هەمیـشە جێـی شـك و گومان و بووە بە زمـانێكی دیكـە نـاروونی لـە كۆكردنـەوەی داهاتـەكانی نـەوت، یـەكێك لـە سەرچـاوەكانی جێـی گومـانی ڕای گشتی لـە سەر دەسەڵاتداران لە ئێرانە.

ڕۆژنامـــەی ســـەرمایە لـــە ڕاپۆرتێكـــدا، ڕۆژی چوارشـەممە ١١ی بانەمـەڕ بـڵاوی كـردەوە، ڕێژەییێكی زۆر لە داهاتی نەوتی ئێران لە ساڵی ١٣٨٦دا چارەنووســـی دیـــار نیـــە، لـــەم نووسراوەدا هاتووە كە كۆی داهاتی نـەوت لـە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٨٦ بە پێـی ئامـاری بـانكی ناوەندی ڕژیم، ١٩٥ ملیارد دولار بـووە، بـەڵام لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا كـۆكراوەی خـەرجی كارەكانی بودجەی ساڵانەی حكومەتی نۆهەم، كە خراوەتـە حیسابی شـیركەتی نەتـەوە، لـە ١٣٢ ملیارد دولار زیاتر نەبوە، جیاوازی نێوان (١٩٥ ملیـــارد دوڵار داهـــات و ١٣٢ ملیـــارد خـــەرجی) ٦٣ ملیـارد دولارە كـە نەخراوەتـە حیسابی داهاتەوەو كەس ئاگـاداری چۆنیەتی خەرج كردنی نیە.

ڕۆژی چـوار شـەممە ٢٨ی خاكـەلێوە سـەرۆك كۆمـاری ڕژیم، ددانـی بـەوەدا نـا كـە تـاقمی مافیایی لە دامودەزگاكانی بەرێوە بردنی ڕژیم هەن و گوتی ئەو تاقمانە ئەوندە بـەهێزن كـە نفوزیان كردۆتە ناو شوینی یاسا دانان و كار و




بارەكان بە قازانجی خۆیان دەبەنە پێش.

بـــە ووتـــەی نـــاوبراو ناوەنـــدەكانی كۆكردنـــەوەی ماڵیـــات، تۆمـــار كردنـــی بەڵگەنامـەكان، بانكـەكان، و زۆربـەی لـە ناوەندە فەرمیـەكانی ڕژیم بوونەتـە هـۆی ئـەوەی كـەڵكی نابـەجێ لـە دامـەزراوە حكومەتیەكان وەر بگێرێ. هاوكات لەگەڵ ئـەو قـسانەی سـەرۆك كۆمـاری ڕژیـم لـە بـــارەی بـــەرەو سەرچـــوونی گەنـــدەڵی ئابووری لە ڕژیمدا و ئەو نهێنی پارێزیانـەی كە لە بـارەی ڕاپۆرتـە ٥٠٠ لاپەڕەییەكـەوە دەكـرێ شـك و گومانـەكانی لـە سـەرانی ڕژیمی زیاتر كردوە.

بـە پێـی ڕاپـۆرتی ڕێكخـراوی نێودەوڵـەتی (شـەفافیەت)، ڕژیمـی ئاخونـدی ئێـران لـە بـارەی ڕێـژەی گەنـدەڵی لـە نێـوان ١٨٠ وەڵاتدا كە لێكۆڵینەوەیان لە سـەر كـراوە، لە ریزی ١٣١ مین وەڵاتدا جێگەی گرتـوە، و لە ۆرژهەڵاتی ناوەڕاسـت دا، بـە بـەراورد لەگەڵ دراوسێكاندا، ڕژیمی ئاخوندی ئێران لـــە ڕیـــزی گەنـــدەڵترین دەســـەڵاتی ناوچـــەكەدایە، بۆیـــە بـــە پێـــی ڕاپـــۆرتی ڕێكخـــراوی نێودەوڵـــەتی شـــەفافیەت، لـــە بارەی ڕێژەی گەندەڵی، ئێـران ٩٩ پلـە لـە خـوار قەتەرەوەیـە، و ٩٧ پلـە لـە خـوار ئـەماراتی یـەككگرتووی عەرەبیەوەیـە، ٧١ پلە لە خوار كوەیتەوەیە، ٦٧ پلە لە خوار توركیـــــە و ٥٩ پلـــــە لـــــە خـــــوار عەرەبستانەوەیە.

ئەم ڕێژانە دەرخەری ئەوەیە كە تا چەندە گەنـــدەڵی ریـــشاژۆ بـــووە لـــە نـــاو دامودوزگاكـانی ڕژیـم دا و كـار دانـەوەی بووە لە سـەر كۆمـەڵگا و هـەر كەسـەو بـە دوای قازانجە تاكە كەسیەكانی خۆیـەتی و قازانجە نەتەوەیی و گشتیەكان پشت گوێ خراوە و كارێكی كردوە كە زیاتر لە ٣٠ لـە سـەدی خـەڵكی ئێـران لـە ژێـر خـەتی هەژاریـدان و بێكـاری لـە ئێران بەوپـەڕی خـۆی گەیـشتوە و زۆربـەی لاوانـی ئێـران بێكـارن و تەنانـەت دوای خوێنـدن بێكـار دەبـن و ئـەوەش لـە بـاری ئابووریـەوە گەورەترین زەرەر بە قازانجـە گشتیەكان دەگەیێنێ. بە گشتی لە ئێراندا لە ئاخونـد جەماعـەت زیـاتر كـەس لـە ئـابووری دەوڵەمەندی ئێران هیچی پێ ناگات و باقی چین و توویژەكانی ئێـران لـە فـەقر و بـەد بەختی دا دەژین.

***